# جەستەی ژن، ڕەگەزی دووەمی هونەر

ڕێزان بەتوولە فاتیمە

جەستە، بە زۆر شێوەی جیاواز بەکارهاتووە، لەنێو کاری هونەری هاوچەرخدا. هەر لە دادایی و فتوریزمەکان، هەپنینەکان و زۆر لە سەماکار و ئاکشن پەینتەرەکان و ئەکشنیستە ڤیەنییەکان، کە تێیدا جەستە خاڵی سەرەکی هەڵسوڕێنەری کارەکان بووە. دواتر هونەری پێرفۆرمانس بەرەوپێشچوونێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی لە دیوە کۆنسێپچواڵیەکەی و تەکنیکی هونەریەکەیەوە، هەر لە سەرەتای ساڵانی (١٩٦٠ و ١٩٧٠) بەتایبەت لەسەردەستی هونەرمەندە فیمێنیستەکان. جگە لەوەی بەگژداچوونەوەیەکی فێندەمێنتال بوو بەرانبەر بە سیستێمی پیاوسالاریی و دۆگمە کۆمەڵایەتییە- کولتوورییەکان. لەهەمانکاتدا ئێکسپێریمەنتکردنی خودی جەستەشیان بوو، وەک مەتریالێکی هونەری هاوچەرخ. ساڵانی شەست و حەفتاکان بە ساڵانی هونەرمەندە فیمێنیستەکان ناودەبرێت، چیتر جەستەی ژن، تەنیا لەناو تابلۆ و کارەکان لە بەربینای نێرینەوە نیشان نەدەدرا، بەڵکو ژن جەستەی خۆی گرتەوە دەست خۆی، کە پێشتر بابەتێکی تابۆ بوو، بووە هێزێکی بەرەنگارکار، کە توانیان سەرلەنوێ پێناسەی ناسنامە ڕەگەزییەکەیان بکەنەوە. ژن لە ڕێگەی گرتنەوەدەستی جەستەی خۆی، لە پێگە پاسیڤەکەی هاتەدەرەوە. توانی جەستە ئۆبژەبووەکەی بکاتە جەستەیەکی سوژە (بکەر). لەم بارەیەوە ئەکسێل هۆنێس (Axel Honneth) دەڵێت:

"سوژە، بۆ گەیشتن بە ئاگایی خودیی، یان بۆ ڕۆڵگێڕان لە ناو کۆمەڵگەدا، پێویستی بە دانپێدانان هەیە، لەلایەن ئەوی ترەوە."[1]

بە واتایەکی تر، ئەویتر؛ کاریگەرییەکی بەهێزی هەیە لە دانپێدانانی خودیی، هەربۆیە هونەرمەندە فیمێنیستەکان ئەوپەڕی تواناکانیان خستبووە کار لە پێناو خۆسەپاندن لە بەرانبەر ئەویتر (کۆمەڵگە)دا. هەرچەندە سەرەتای بەدەرکەوتنی جەستەی ژن لە کایەی (بۆدی ئارت)دا، بۆ خۆنوومایندەکردنێکی بەرگریکارانە نەبوو؛ بە نموونە کارەکانی یڤ کلاین (Yves klein)؛ جەستەی ژن، وەک ماتریاڵێکی زیندوو مامەڵەی لەگەڵ دەکرا. پاشماوەی جێگەی سنگ و سمتی ژنەکان لەسەر ڕووکاری تابلۆکانی کلاین، بۆ بەرهەمهێنانی پەینتینێک بووە، کە خەیاڵ و فەنتازیە بە جەستەی ژنەوە، وەک تەکنیکی فلچەی زیندوو بەکاریهێناوە، کە دووبارە لێرەشدا قسەکردنە لەسەر ئۆبژەیی جەستەی ژن. بە پێچەوانەوە بۆ ئۆتۆموێل (Otto Muhl) و هێرمان نیچ (Hermann Nitsch)؛ جەستە، وەک تاکێکی قوربانیبوو نوومایندە دەکرێت، بەبێ ئەوەی سەیری جیاوازی ڕەگەزیی ئەو تاکە بکرێت. بەڵام هونەرمەندانی، وەک مارینا ئەبرامۆڤیچ (Marina Abramovic)، یان یولای (Ulay)، وەیان باربەرا هێنیچ ( Barbara Heinisch) و ئیگۆن شرێک (Egon Schrick). لە ڕێگەی جەستەوە دەگەڕێن بەدوای بەدەرخستنی سنوورەکانی ڕەگەز، هەتاکو هەوڵبدەن ئەو جیاوازیانە بەشێوەیەکی فلو بخرێتەڕوو، کە نەتوانرێت جوداکاریی بکرێت لە نێوان جێندەریاندا. هونەرمەندێکی، وەک میشێل

ژورنیاک (Michel Journiac)، جەستەی، بەکاردەهێنێت بەبێ ئەوەی مانیفیستی دیوە نێرسالارییەکەی بکات، بە پێچەوانەوە جەستە ئەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتییە وەردەگرێت، کە بە هەر کام لە سێکسەکان دراوە. جەستەی، وەک ماتریاڵی سەرەکی ڕەخنەگرتنی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگە دەخاتە ڕوو. لە ساڵی ١٩٧٤ پێرفۆرمانسێک بەئەنجام دەگەیەنێت بە ناوی ٢٤ کاتژمێر لە ژیانی ژنێکی ئاسایی، کە لە ڕێگەی وێنەی فۆتۆگرافییەوە پێگەی ژن دەخاتەڕوو، خۆی دەخاتە شوێنی ژنێک هەتاکو پێداچوونەوەیەک بکا بۆ ئەو تێگەیشتنە ئاساییەی کۆمەڵگە. لە بەرانبەردا هونەرمەند ئۆرلان جەستەیەکی ئەندرۆژێن (تێکەڵکێش) دەخاتەڕوو، هەردوو هونەرمەند پرسیاری ناسنامەی ڕەگەزیی دەکەن؛ وەک هونەرمەندێکی هەڵوێستەکاری فێمێنیست.



**میشێل ژۆرنیاک، پێرفۆرمانسی ٢٤ کاتژمێر لە ژیانی ئاسایی ژنێکدا، ١٩٧٤**

بەشێوەیەکی گشتی، هونەرمەندە ئەکتیڤیستە فێمێنیستەکان، هەوڵی جۆرێک لە ئازادیی ڕەگەزی جەستەیاندا لەناو هونەردا، هەرچەندە نیشاندانی جەستەیەکی ڕووتی مێ، هەمان بینین، هێما و سیمبولی نییە لەگەڵ نیشاندانی جەستەیەکی ڕووتی نێرێک. سیمۆن دی بۆڤوار لەڕووی ئەم خاڵەوە دەڵێت: "هەستکردن بە ژنیەتیی، هەستکردنە بە ئۆبژەبوونێکی چێژبەخشەر."[2] ئەم جۆرە دانپێدانانە لەلای زۆر لە هونەرمەندان، خاڵی سەرەکی بەگژداچوونەوەکانیان بووە، چونکە جەستەی مێ، لەخۆنووماییندەکرنێکی سیاسیشدا، ناتوانێت بە تەواوی خۆی دابماڵێت لە ناسنامە کولتوورییە ڕەگەزیەکەی. کاتێک جەستەیەکی ژن خۆی نووماینده دەکات، پەیامە هونەریەکەی کاریگەری ناسنامە ڕەگەزیەکەی بەسەرەوە دەبێت، وەک ئەوەی ژن بریتی بێت لە؛ ژن پێش ئەوەی مرۆڤێک بێت. هەربۆیە کارێکی ئەستەمە جەستەی ژن بێنیتە پێشچاو لە ناو کارێکی هونەرییدا بەبێ ئەوەی تەنگ بەویتر هەڵنەچنی. بەواتایەکی تر، هەژموونێکی هێرشبەرانە و ورووژێنەرانەی هەیە بۆ ئەویتر، ئەمە جگە لەوەی هەڵگری پاشخانێکی مێژووییە، ناسنامە

ڕەگەزیەکەی بەستراوەتەوە بە کۆد و بەندی کولتوورییەوە. زۆر ناکۆکی ئەم دوو ڕەگەزەی کردووە بە ئۆپۆزتی (دژبەیەکی) یەکتری، لەبەرئەوەی ژنان هەرگیز هەمان ماف و ئەرکیان نەبووە، نە هەمان پێگەی کۆمەڵایەتیی لەگەڵ پیاواندا، چونکە هەمیشە ژنان، وەک لاواز هەژمارکراون لەڕووی فیکر، عەقڵی و هۆشمەندییەوە. ئەم بیرکردنەوە سێکسیستانە بەشێوەیەکی بەربڵاو دابڕاوە بەسەر ژناندا. ئەم تێگەیشتنە لەلایەن زۆر لێکۆڵینەوەی زانستی و سیستێماتیکی فیکریی، گۆڕانکاریی بەسەرداهاتووە و هەڵەچن کراوەتەوە. لە ڕێگەی بیرکەرەوەی، وەک سیمۆن دی بۆڤوارەوە، کە بووەتە خاڵی وەرچەرخان بۆ زۆر بیرکەرەوەی فێمێنیستی تر. سیمۆن دی بۆڤوار لە وتە بەربڵاوەکانی دەڵێت: "ئێمە بە ژنی لەدایک نابین، دەکرێینە ئەو."[3] بەپێی نووسەر؛ وشەی (ژن)، وەسفێکی مێژووییە، کە بەکاردەهێنرێت بۆ جیاوازییکردنی ڕەگەزەکان لەڕووی مۆرفۆلۆژییەوە، هەرچەندە تێگەی ژنایەتی (فێمێنیتیّ) بە تەواوی کولتوورییە. بۆ هونەرمەندە ئەکتیڤیستەکان جەستە لە نێو تێگەی ژنایەتی پاڵنەرە بۆ ڕەخنەگرتن لە نایەکسانییە جێندەریەکان، لەو ڕێیەوە هەوڵی تێکشکاندنی ئەو کۆد و وەسفانە دەدەن، کە لەلایەن کۆمەڵگەوە خراوەتە پاڵیان. ساڵانی شەستەکان، بارودۆخی سیاسی ئاڵۆز و تەمومژاوی بوو، بەهۆی ئەزمەی کاپیتالیزم و شکستی کۆمیونیزم، جگە لە پاشماوەی دوای جەنگی جیهانیی، کە هەندێک دڵەڕاوکێی پسیکۆلۆژی دروستکردبوو. هەربۆیە دروستکردنی ناسنامە خاڵێکی سەرەکی بوو، بە تایبەت بۆ ئەو سەردەمە، کە سەرەتای کرانەوەی جیهانگیری (مۆندیالیزاسیۆن) بوو. نوومایندەکردنی خود، هەژموونێکی یەکلاکەرەوەی هەبوو بۆ بوونیادنانی هێزێکی بەرەنگاریی و نێوەندێک بۆ خۆ ئازادکردن لە هەرچی نۆرم و مەرجداریکردنێکی سەپێندراو لەلایەن کۆمەڵگەوە، چونکە تاک لە ڕێگەی ئەو پێناسەیەی بە جەستەی دەبەخشێت، دەتوانێت ببینرێت لەلایەن ئەویترەوە؛ والتەر بێنجامین ( Walter Benjamin) لەناو کتێبی فراگمانتا دەڵێت: "ئێمە لە ڕێگەی جەستەمانەوە پێناسەکراوین، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆتر لە ڕێگەی خودی جەستەمانەوە پێناسەیەکمان هەیە، لەنێو دنیای هەسپێکراودا."[4] ئەم تێگەیشتنە لە تاکایەتی جەستە و کاریگەری لەسەر خودی تاکەکە قوڵایی ئەو کێشمەکێشمەی هونەرمەندانەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە هەوڵی بۆ دەدرا، بۆ پێناسەکردنەوەی جەستەیان لە لایەن خودی خۆیانەوە. هەربۆیە بزاڤی فێمێنیست سەرنجێکی زۆریان بۆ هەرپرسیارێک هەبوو، کە پێوەندی بە ناسنامەی کەسی و ڕەگەزییەوە هەبوو. هەوڵی پێچەوانەکردنەوەی بەربینا نێرسالاریەکانیان دەدا. لەگەڵ ئەوەی نەیاندەتوانی دوور بن لە خستنەڕووی ئەو شتانەی بەسەر ژندا هاتووە، بەهۆی کۆمەڵگە و کولتوورە جیاوازەکان. بۆیە باسکردنی چەپاندنەکانیان گرینگ بوو بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ببنەوە، کە ئەمە وایکرد ئەو توندوتیژی و دەستدرێژییە نایەکسانیانەی بەرانبەر بە جەستەی ژن دەکرا لە کۆمەڵگەدا ڕەنگبداتەوە لەناو کارە هونەرییەکانیان. کارە هونەرییەکانیان تاکە ڕێگەبوو بۆ خۆدەربڕین بەشێوەیەکی ئازاد دژی ئەو هەموو نایەکسانییە جێندەریەی هەبوو لە نێو سیستێمی پیاوسالارییدا. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە ئاکتەکانیان تەنیا بەرەنگاربوونەوەیەکی پۆلیتیکی بووە، بەپێچەوانەوە لەهەمانکاتدا پێرفۆرماتیڤ و هونەریش بووە، وەک هەر فۆرمێکی تری هونەری

بۆدی ئاڕت. جەستە بووە ئالەتێکی بەگژداچوونەوە و ئامرازێکی ناسنامەیی تەواو کەسیی.

بەکارهێنانی جەستەی ژن لەناو کاری هونەرییدا، جۆرێک لە قەبووڵکردنی ژنە، وەک

سوژەیەکی هۆشمەند و خاوەن مەعریفە یەکسان بە پیاو. بەشێوەیەکی باو، ئەو میدیەمە

هونەرییەی بەکاردەهاتن بۆ خۆدەربڕین، زۆربەی کات پێرفۆرمانس و فۆتۆگرافی بوون. بۆ

نموونە هونەرمەندی فەرەنسی کلۆد کاهان (Claude Cahun)، لە سێلف پۆرترەیتەکانی

ساڵانی (١٩١٩- ١٩٣٧) ناسنامەیەکی نێرینە بۆخۆی دروست دەکات، بەسەر ناسنامە چەپاوە

مێیینەیەکەیدا. بەشێوەیەک، پۆشاک و ڕووخساری دەگۆڕێت، کە ئەستەمە ناسینەوەی، وەک

ڕەگەزێکی دیاریکراو. هونەرمەند جیاوازی نێوان هەردوو ڕەگەز دەخاتەڕوو لەڕێی ئەم زنجیرە

کارەیەوە، کاهان نایەوێت جەستە مێینەکەی بکاتە پیاو، بەڵکو پرسیار لەو بەربینایە دەکات، کە کۆمەڵگە هەیەتی بۆ هەریەک لە هەردوو ڕەگەزەکە. دوالیتیەکی ناسنامەیی نیشانی کۆمەڵگە دەدات، وەک ئەلتەرناتیڤ لە بەرانبەر ئەوەی کۆمەڵگە سەپاندوویەتی بەسەر ئەوی ژندا. ئەم ئاکتەی کلۆد کاهان، کاریگەری لەسەر هونەرمەندانی دوای خۆی دروست دەکات. یەکێ لەو هونەرمەندانەی بەشێوەیەکی تر نزیکایەتی هەیە لەگەڵ کارەکەی، هونەرمەندی فەرەنسی نیکی دی سان فال (Niki de Saint phall)ە، کاری فیشەک تەقاندن، لە ساڵانی (١٩٣٠- ٢٠٠٢) بە ئەنجامی گەیاندووە، جۆرێک لە خواستی بەدەستهێنانی هێزی نێرینەیەتییە. هونەرمەند بەشێوەیەکی سیمبولیک ئەو توندوتیژیەی پیاو دەخاتەڕوو، فیشەکەکان پڕکراون لە ڕەنگ و دەیهاوێژێتە سەر ڕووی تابلۆکە. لێرەدا، جەستەی نوومایندەی هێزی نێر دەکات، ڕووی تابلۆکەش سیمبولی جەستەی مێینەی هونەرمەند خۆییەتی، کە پارچەپارچەبووە بەدەست







توندوتیژیەکانی ڕەگەزی نێرینەوە. لەهەمانکاتدا کارەکەی، وەک بەرپەرچدانەوە و پێچەوانەکردنەوەی ئەو ستێرۆتایپانەیە (گشتاندن)، کە پێیان وایە تەنیا هونەرمەندە ڕەگەز نێرەکانن، کە دەتوانن ئاکتی لەو شێوە ڕادیکاڵە بە ئەنجام بگەیەنن. جگە لەوەی لە ڕێی ئەم کارەیەوە پرسیار لەسەر ڕۆڵی هەردوو ڕەگەزەکە دەکات لەبەرەوپێشچوونی هونەر. ئەم پرسیارە زۆر لە هونەرمەندە ئاڤانگاردە فێمێنیستەکانیش کردوویانە هەتاکو ئەمڕۆ. ڕادیکاڵی لە کاری هونەرمەندە فێمێنیستەکان، وەک بەکارهێنانی هێز وابووە. یەکێکی تر لە ئاکتە ڕادیکاڵەکان بەکارهێنانی خوێن و خوێنلێهێنانی جەستە بووە، بە نموونە؛ هونەرمەندی کوبایی - ئەمریکی، ئانا ماندیەتا (Ana Mendieta)، یەکێکی ترە لەو هونەرمەندانەی خوێن بەشێکی سەرەکی زۆر لە کارەکانی بووە، کە وەک بەشێکی گرێدراوە بە ژنەوە مامەڵەی لەگەڵ کردووە. خوێن ماتریاڵی سەرەکی بەگژداچوونەوە بووە لە کارەکانیدا، لەو ڕێیەوە پرسی پیرۆزیی، پاکیزەیی و پیسیەتیی جەستەی مێ لە ناو کۆمەڵگەی تراەیشنەڵ دەخاتەڕوو. خوێن سیمبولی بریندارب‌وون و توندوتیژی ڕەگەزیی و ئازارەکانی ژنە. زۆرکات خوێنی ئاژەڵ بەکاردەهێنێت وەک ڕێوڕەسمێکی دینیی، یەکێک لە پێرفۆرمانسە گرینگەکانی، کە لە ساڵی ١٩٧٢ بە ئەنجامی دەگەیەنێت بە ناوی (مردنی مریشکێک)[5] ، کە بە ڕووتی لەبەردەم دیوارێکی سپی وەستاوە و مریشکێکی سپی بەدەستەوەیە، هێواش هێواش ملی مریشکەکە لێدەکاتەوە بەدەست، قاچی مریشکەکە دەگرێت هەتا لە جووڵە دەکەوێت.

نیکی دو سان فال، فیشەك تەقاندن، ١٩٣٠ـ٢٠٠٢      کلۆد کاهان سێلف پۆرترەیت      ئانا مانديەتا، مردنی مریشك ١٩٧٢
١٩١٩ـ١٩٣٧

لەم کارەیدا مانديتا باس لەو بڕیارە قەدەریە دەکات، کە ژن بە بەردەوامی دەبێت خوێنی لێبچێ (سووڕی مانگانە، پەردەی کچێنیی...). جەستەی خۆی دەبێتە ئەو قوماشە سپییەی، کە شایەتی پەردەی کچێنییەتی لە ڕێگەی خوێنی مریشکەکەوە.

لە بەرانبەر ئەم توندوتیژیە جەستەییانەدا، کۆمەڵە هونەرمەندێکی زۆری فێمێنیست، پێیان وایە یەکێ لە چەکە ورووژێنەر و بەهێزەکان، کە دەتوانێت بەگژداچوونەوەی ڕاستەوخۆی هەبێت، بریتییە لە بەکارهێنانی ئەندامی مێینە لەنێو خودی کارەهونەریەکەدا، وەک ڕەگەزی دووەمی هونەر. هونەرمەندی ژاپۆنی شیگێکۆ کوبۆتا (Shigeko Kubota) لە ١٩٦٥، پێرفۆرمانسێک بە ئەنجام دەگەیەنێت بەناوی: ئەندامی مێینە ڕەنگ دەکات (Vagina Painting) لە نیۆرک، فڵچەیەک دەبەستێت بە جلی ژێرەوەی و لە بەینی هەردوو ڕانیەوە دەیهێنێتە دەرەوە و وەرەقەکەی ژێر پێی بە ڕەنگی سوور ڕەنگ دەکات، کە جۆرێک لە ئاکتی ئاکشن پەینتینەکانمان بە بیر دەهێنێتەوە. خودی تایتڵەکەی و ناوەڕۆکی کارەکەی، بەشێوەیەکی جیاوازتر و بوێرانەتر لە پێرفۆرمانسێکی هونەرمەندی سویسرایی میلۆ موار (Milo Moire) بەدی دەکرێت، لە ٢٠١٤ لە شاری کۆڵن بە ئەنجامی دەگەیەنێت، کە تێیدا هێلکەی پڕکراو لە ڕەنگ لە ئەندامی مێینەیەوە فڕێدەداتە سەر کانڤاسێک، کە وەک میدیەمێکی هونەری بەکاردەهێنێت، وەک بەشێک لە جەستەی.






**شیگێکۆ کوبۆتا، پێرفۆرمانسی ئەندامی مێینە ڕەنگ دەکات،١٩٦٥      میلۆ موار، پێرفۆرمانسی هێلکەکردن، ٢٠١٤**

دەکرێت بگوترێت: دەرخستنی ئەندامی مێینە پاشماوەیەکی مێژوویی فێمێنیستەکانی ساڵانی شەست و حەفتایەکانە، هونەرمەندانی وەک؛ ڤالی ئێکسپۆرت (Valie Export) و مارینا ئەبرامۆڤیچیش کارێکی هاوشێوەیان هەیە، کە لەسەر کورسییەک دانیشتوون و چەکیان بەدەستەوەیە و لەهەمانکاتدا ئەندامی مێینەیان لە پانتۆڵەکەیانەوە دەرخستووە. بەڵام بەکارهێنانی ئەم ئەندامە لەلای هونەرمەندی ئەمەریکی کارۆڵ شنێمان ( Carolee Schneema)، ڕەهەندێکی جیاوازی هەیە، بەتایبەت لە پێرفۆرمانسی (Interior Scroll)، کە ساڵی ١٩٧٥ بە ئەنجامی دەگەیەنێت. ئۆرگانی مێینەی، پۆینتی سەرەکی کارەکەیەتی. هونەرمەند لەم کارەیدا بەرجەستەی ئەو دیووە نادیارەی دەخاتەڕوو، کە تەنیا لەکاتی جووتبوون، سووڕی مانگانە و منداڵبوون باس دەکرێت و بەشێکی شاراوە و تابۆی لەشی ڕەگەزی مێیە. هونەرمەند لێرەدا ئەوە دەخاتە ڕوو، کە ئەم ئۆرگانە تەنیا دروستکارێکی جەستەیی نییە، بەڵکو سەرچاوەی بیرکردنەوە، دروستکردن و بەرهەمهێنانە. بەدەرهێنانی وەرەقەیەکی لولکراو لە ئەندامی مێینەی، کە بەشێوەیەک لەشێوەکان شوێنێکی شاراوەی مێیە، هەوڵی بەدەرخستن و خستنەڕووی دەکات، وەک هەر ئەندامێکی تری دەرەکی. لێرەدا هونەرمەند تەنیا کارێکی پۆلیتیکی جێندەری ناکات، بەڵکو بیرکردنەوە و تێگەیشتنێکی تر، لەسەر ئەو ئۆرگانە دەخاتە بەردەم بینەر. دەکرێت بڵێین؛ ئەم تاقیکردنەوانە، هەوڵدانێکە بۆ ئەوەی جەستەی مێیینەی خۆیان، وەک بکەر پێناسە بکەن، هەوڵدانێکیشە بۆ گەڕان بەدوای ڕەسەنایەتی جەستە، جەستەیەک پێش ئەوەی ببێتە زیندانی کۆد و بەندە کۆمەڵایەتییە کولتوورییەکان.

لە بەرانبەردا، کاری هونەرمەندە فێمێنیستە ڕۆژهەڵاتییەکان، کاریگەری و نوێکردنەوەیەکی تریان بەڕووی ڕۆژئاوادا دروستکردووە، چونکە پرسی ڕەگەزیی، پرسێکی تاڕادەیەک نوێیە لە دنیای ئیسلامیدا. هونەرمەندە بە ڕەچەڵەک ئێرانی و عەرەبەکانی باکووری ئەفریقا، بەشێوەیەکی چڕ کار لەسەر چەپاندنەکانی کولتووری ترادیشنەڵی ئیسلامی دەکەن، کە دووبارە ژن پشکی سەرەکی بەرکەوتووە. هونەرمەندانی وەک مەجدە کەتەری، لالا ئیسەیدی، شیرین نێشات، شادی گادیریان و مەهدی جۆرج لەهلول، لە دیارترینیانن. هونەرمەندە ڕۆژهەڵاتیەکان زیاتر کۆدوبەندە کولتوورییە ئیسلامیەکان دەخەنە پێشچاو، هەڵبەتە پێگەی ژن لە کۆمەڵگە ترادیشن ئیسلامیەکان زۆر لاوازتر و چەپاوترە لە بەرانبەر پێگەی ژن لە ڕۆژئاوادا، چونکە خودی دۆگم و بەربەستەکانی بەردەم ژن، لە کولتووری ئیسلامیی، زۆرترن. بە واتایەکی تر، کۆمەڵگەی ئیسلامیی، ژن لەسەر لاوازی هۆشمەندی و فیکری پەروەردە دەکات. تاوانکارە، ئەگەر بەپێی ئەو ئایینە پیاوسالارە نەڕوات بەڕێگەوە، کە خودی ئایینەکە پڕیەتی لە توندوتیژی و بێڕێزیکردن بە ژن و جەستەی ژن. هەربۆیە زۆر لە هونەرمەندە ڕۆژهەڵاتییەکان تەنیا لەسەر خاکی ڕۆژئاوا دەتوانن دەربڕین لەو چەپاندنانەی ژن بکەن. هەرچەندە بەرپەرچدانەوە و دژایەتیکردنی ئەم چەپاندنە، بەپێی بەرەوپێشچوونی ئاستی مەعریفی هەر کۆمەڵگەیەک ڕێژەکەی و جۆرەکەی دەگۆڕێت.



کارۆل شنێمان، پێرفۆرمانسی (Interior Scroll)، ١٩٧٥

پەراوێزەکان:

1- Laurence Devillairs, Les 100 citations de la philosophie, Paris, PUF, Que sais-je ? 2015, p.122 (Ce que social veut dire (2010), Paris, Gallimard, 2013, p. 13-14).
2- Richard Shusterman, *Conscience du corps,* Paris, L'éclat, 2007, p.120
3- Simone de Beauvoir, *Le deuxième sexe*, Paris, Gallimard, 1949, p.285.
4- Walter Benjamin, *Fragment*, Paris, PUF, Librairie du collège de philo, 2001, p 74
5- *Animaux d'artistes* (textes réunis par Bernard Lafargue), Figure de l'art 8 revue d'études esthétiques, 2003-2004, p.290

سەرچاوەکان:


1. BENJAMIN, Walter, *Fragment*, Paris, PUF, Librairie du collège de philo, 2001.
2. DE BEAUVOIR, Simone, *Le deuxième sexe*, Paris, Gallimard, 1949.
3. DEVILLAIRS, Laurence, *Les 100 citations de la philosophie,* Paris, PUF, Que sais-je ? 2015.
4. LAFARGUE, Bernard, *Animaux d'artistes,* Figure de l'art 8, revue d'études esthétiques, 2003-2004.
5. O'REILLY Sally, *Le corps dans l'art contemporain*, Paris, Thames & Hudson, N° 102 l'univers de l'art, 2010.
6. SHUSTERMAN Richard, *Conscience du corps pour une soma-esthétique*, Paris, L'éclat, 2007.